**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**ژمارە : ٣١٢١ لە ٢٠٢١/٤/١١**

بەپێی بڕگەی (سێیەم) لەماددەی (حەوتەم) لەیاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١
## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە بەستن وخوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨

**ماددەی (١) :**

زیادکردنی بڕگەیەک لەماددەی (چوارەم)ی ڕێنماییەکە کە دەبێتە بڕگەی (سێیەم) بەم شێوەی خوارەوە :

**سێیەم** : ئەگەر پێوەری ئاو تێکچوو ، و هۆکارەکەی هاوبەش بوو ئەوا کرێی ئاو بۆ ماوەی تێکدانی پێوەری ئاو بۆ هاوبەش ئەژمار دەکرێت بۆ هەر مانگێک لە پسوولەی ئاو بەپێی ماددەی (نۆیەم)ی ڕێنماییەکە .

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنەوەی خشتەی هاتوو لە ماددەی (نۆیەم)ی ڕێنماییەکە بەم شێوەی خوارەوە :

| ژمارە | جۆری بەکار هێنان | دینار / مانگ |
|---|---|---|
| یەکەم | شوێنەکانی نیشتەجێبوون و پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان | ٨٠،٠٠٠ |
| دووەم | پەرستگاکان | ١٠٠،٠٠٠ |
| سێیەم | دام و دەزگا حکومیەکان | ١٠٠،٠٠٠ |
| چوارەم | کەرتی نیمچە حکومی وەبەرهێنان نەبێ | ١٠٠،٠٠٠ |
| پێنجەم | کەرتی بازرگانی و پیشەسازە و گەشتیاری وە بەرهێنان | ٢٠٠،٠٠٠ |
| شەشەم | شوشتنگە بە هەموو جۆرەکانی | ٢٥٠،٠٠٠ |

**ماددەی (٣) :**

**یەکەم** : هەموارکردنەوەی خشتەی هاتوو لە ماددەی (دەیەم)ی ڕێنماییەکە بەم شێوەی خوارەوە :

| زنجیرە | جۆری بەکارهێنەر | | بەکارهێنانی مانگانە ئەژماردەکرێت بە (م٣) مەتر سێجا | کرێ بە دینار بۆ هەر (١م ٣) یەک مەتر سێجا (ژمارە) | کرێ بە دینار بۆ هەر (١م ٣) یەک مەتر سێجا (نووسین) |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | شوێنەکانی نیشتەجێبوون و پڕۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان | أ | لە . تا ٥ | ٥٠ | پەنجا دینار |
| | | ب | لە ٥،٠١ تا ١٥ | ١٥٠ | سەد و پەنجا دینار |
| | | ج | لە ١٥،٠١ تا ٣٠ | ٣٠٠ | سێ سەد دینار |
| | | د | لە ٣٠،٠١ تا ٦٠ | ٤٥٠ | چوار سەد و پەنجا دینار |
| | | هـ | لە ٦٠ بەسەرەوە | ٦٠٠ | شەش سەد دینار |
| دووەم | پەرستگاکان | | ١ | ٤٠٠ | چوار سەد دینار |
| سێیەم | دام و دەزگا حکومیەکان | | ١ | ٤٠٠ | چوار سەد دینار |
| چوارەم | کەرتی نیمچە حکومی وەبەرهێنان نەبێ | | ١ | ٤٠٠ | چوار سەد دینار |
| پێنجەم | کەرتی بازرگانی و پیشەسازە و گەشتیاری وە بەرهێنان | | ١ | ٦٠٠ | شەش سەد دینار |
| شەشەم | شوشتنگە بە هەموو جۆرەکانی | | ١ | ١٠٠٠ | یەک هەزار دینار |

**دووەم** : زیادکردنی دوو بڕگە (سێیەم) و (چوارەم) لە ماددەی (دەیەم)ی ڕێنماییەکەبەم شێوەی خوارەوە :

**سێیەم** : هەر هاوبەشێک کرێی ئاو زیاتر لە (٤٥٠٠٠) چل وپێنچ هەزار دینارلە مانگێک بۆ بێتەوە ، دەکرێتە (٤٥٠٠٠) چل و پێنچ هەزار دینار بۆ هاوبەشەکانی زنجیرەی یەکەم لە خشتەی هاتوو لە ماددەی (دەیەم)ی ڕێنماییەکە لە (شوێنەکانی نیشتەجێبوون و پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان)

**چوارەم** : هەر هاوبەشێک کرێی ئاو زیاتر لە (٤٥٠٠٠) چل وپێنچ هەزار دینارلە مانگێک بۆ هاتبێتەوە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨، دەکرێتە (٤٥٠٠٠) چل و پێنچ هەزار دینار لە مانگێک بۆ هاوبەشەکانی زنجیرەی یەکەم لە خشتەی هاتوو لە ماددەی (دەیەم)ی ڕێنماییەکە (شوێنەکانی نیشتەجێبوون و پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان)

**ماددەی(٤):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**